**هەستدەکەم بەڕادەیەک سادەو گچکەم، پێم سەیرە چۆن ساڵانێکی زۆر لەناو ئەو هەموو شیعرە زل و چوارشانەیەدا جێگەم بۆتەوە؟!**

**مندالی لای من نەبۆتە یادەوەری و شتێک نییە زەینی خۆمی بۆ بگوشم تا وەبیرم بێتەوە..!**

**دیداری: ڕەوشت محەممەد**

**هەرگیز وێنەی ئەو کوڕەم لە پێش چاو کاڵ نابێتەوە، وەختێ لە مەزەندەی باوکیدا دەگەڕێتەوەو لە دەرگاکە دەدا، باوە کوڕەکەی دەبینێ ئاشق بووە. دلاوەر لەو شیعرەدا بەو ماوە کەمە هێندە جوان ئەو کوڕە پیشاندەدا، هێندە دەسەڵاتدارانە ئەو کوڕەی ئافراندووە، کەمجار دەسەڵاتی ئاوام لە ڕۆمانێکیشدا دیتووە. (کوڕەکەم دێتەوەو بۆتە عاشق، پاڵتۆکەی دادەکەنێ و دەڵێ: وای باوکە چ بارانێکی قایمە لە دەرێ، وای باوکە خەریکبوو ڕەهێڵە بمخوا... وای باوکە .. وای باوکە تا گەیشتمە ماڵەوە هەزاران کەڕەت دڵم شکا، هەزاران جۆر تام لێهات.... وای باوکە چەند حەزدەکەم بگریم، چەند حەزدەکەم بکەومە سەما). بەو چەند دێڕەو هەر هێندەی تر، جۆری ئەو کوڕەم مەگەر لەنێو ئەفسانەکاندا دیبێ، بەڕای من جوانترین کار کە دلاوەر کردی دۆزینەوەی شیعر بوو لەنێو دیوە سادەو ئەفسوناویەکەی زماندا. یەکێک لە کارە هەرەجوانەکانی تری دلاوەر وێنەگرتنی ساتە هەرە جوانەکانی مرۆڤە، ئەو ساتانەی من گومانم هەیە تەنانەت بە فۆتۆگرافیش وێنە بگیرێن.**

**ئێرە جێگەی بەگژاچوونی جوانییەکانی شیعریی دلاوەر نییە، با گوێ لە وەڵامی چەند پرسیارێکی ئەو بگرین.**

ڕەوشت محەممەد:

**دەستەچنێک لە یادەوەرییە جوانەکانی سەردەمی منالی خۆتمان بۆ بچنە، ئەوانەیان کە ئێستە بۆنی شیعریان لێدەکەی؟**

دلاوەر قەرەداغی

**بەفر.. بەفر/ بەفرە هاروهاجەکان/ بەفرە مەیمونەکان... بەفرە/ نەدیوبدێکان/ لە دواوە پاڵێکم پێوەدەنێن و/ دەخلیسکێم / بە پڕتاو دەگەنە سەرم/ چەترەکەم لێدەفڕێنن و/ دەیکەنە هەزار و یەک پارچەوە/ پاڵتۆکەم لەبەر دادەکەنن و/ بۆ گاڵتە دەیکەنە بەری خۆیان/ پڕ بە عەینەکەکەما دەکەن و/ بۆ گاڵتە دەیکەنە چاوی خۆیان/ یەکێکیان کە بە خزمایەتیی/ دەگاتەوە پرتەقاڵ/ تا سێ دەژمێرێ و / خۆمناگرم... لە دوو دا چاو دەکەمەوە/ ئای... سەیر... چ گالیسکەیەکی داوەمتێ/ نا... دوو باڵ!/ لە قەسیدەی ( قسەیەک بە بۆیەی پاستیل)ەوە.**

**بەفر و مردن لە یادەوەریی منداڵیی مندا لەوە دەردەچن کە تەنها دوو وشەی ئاسایی بن و یەکێکیان بە (بێ) دەستپێبکاو ئەویتریان بە (نون) کۆتایی بێت، بەڵکو دەبنە دوو نهێنی و (بێهوودە)کردنەوەیان بە گەورەبوون دەسپێرم. کۆڵانەکەی منداڵی، کۆڵانێکە سپیترین و چڕترین بەفری لێدەبارێ و زۆرترین کەسی تێدا دەڕۆن و دەمرن و دیارنامێنن. بەفر هەر خۆش ناکاتەوە و کۆڵان چۆڵتر و دونیاش تا دێت هەر سپیتر دەچێتەوە. بەفر لە مناڵیی مندا بە دیوێکیدا پڕە لە چپەچپ، لە قسەی نەگوتراو، لە ترس و شەرم و نیگەرانی و تەنیایی، لە تەپەی پێی کەسێک کە شەوان بەدیوارەکانا هەڵدەگژێ و لە حەوشە لەپاڵ دیواری موبەقەکەدا خۆی دەنێتەوە و بەیانیان شوێنپێ گەورەکانی لە حەوشە و بەردەرگا دەبینم. بە دیوەکەی تریشدا بەفر ڕاخستنی یەک فەرشی گەورەیە لە ئارامیی، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە بێدەنگی هەموو شتێک گەمارۆ دەدا و یەک ڕاخەری گەورە بۆ ڕامان و خەونبینین ڕادەخات. بەکورتی هەر لەگەڵ بارینی بەفردا، جڵەو بۆ فەنتازیا شلدەبێ و خەیاڵ بەرەو بیابانەکانی خۆی دەکەوێتە جووڵە، دەرەوە پڕ دەبێ لە فیگۆری نائاسایی حەکایەتەکان، لە ڕەوە ئەسپی بێدەنگ، لە قەرەباڵخی و ئاپۆرەی یەک کۆمەڵ سیحربازی بێدەنگ لە کۆڵان. دەکرێت بڵێم ئەوە سەرەتای دروستبوونی جۆرە ڕیتواڵێکە لای من لەگەڵ بەفر و ساتەکانی بەفر بارینداً کە پێموایە هەر لەو سەرەتایەوە منی بەرەو ئاراستەیەکی تر برد و زۆر بە قووڵی خستمیە ژێر هەژموونی ئەفسوونیەوە. دەشێ دەرەنجامی ئەو کاریگەربوون و ئەفسوونبوونە قووڵە ئەوە بێت کە منداڵی لای من نەبۆتە یادەوەری و شتێک نییە زەینی خۆمی بۆ بگوشم تا وەبیری خۆمی بێنمەوە. باشترین نموونەش ئەوەیە کە ئەوەتانێ ئێستا من بە سیغەی ڕابردوو لەگەڵ ئێوەدا لەبارەی منداڵییەوە نادوێم، بەڵکو دەتوانم ژیانی پێنج شەش سەعات لەمەوبەری خۆم هەر لەسەر ئەزموونی منداڵی حسێب بکەم و ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا پێوەند بم و بژیم و وەک تەنێکی زیندوو بەری بکەوم. پێدەچێ منداڵیی قەدەر و کۆتایی من بێت... ئاخر ئێستایش لێرە ڕۆژانە (وەک ئێش) هەشت سەعات لەگەڵ بیست منداڵی سەر بە نزیکەی دە نەتەوەی جیاوازدا کار دەکەم و لێیانەوە یەک دنیا شت فێر دەبم و ئەزموون دەکەم. ڕۆژانە من هەشت سەعات منداڵییەکی ڕاستەقینە دەژیم.... هەر لە پاسکیل ئاژووتن و جۆلانەکردن و هاروهاجی و بەدار و درەخت هەڵزنیندا تا گۆرانی گوتن و لەسەر بەفر وێنەکێشان و خەون بینین.**

<u>**ڕەوشت محەممەد**</u>

**بەلای منەوە (دلاوەر) لە پێشەوەی ئەوانەدایە کە توانییان لە سادەترین دیوی زماندا ئاڵۆزترین خەیاڵ شیکاتەوە، ئەوانەی توانییان شیعر لە دیوە زبرەکانی زمانەوە بهێننەوە دیوە سادەکەی و بیخەنە بەرچاوان. تۆ چۆن قسە لەسەر گرنگە سادەگوتن و سادەیی دەکەی لە پرۆسەی شیعرنووسیندا؟**

**<u>دلاوەر قەرەداغی</u>**

**پێموایە ئەوە بەر لە هەر شتێک پێوەندی بە سروشتی خۆمەوە هەیە، پێوەندی بە حەزی خۆمەوە هەیە بۆ گوزارشتکردن و شت گوتن و لەگەڵ دونیادا پێوەندی گرتن. من هەستدەکەم بە سروشت، لە ناوەوەڕا تا سەر ئێسقان کەسێکی سادە و ساکار و گچکەم، زاهیدێک گوتەنی، فڕینی پەڕەسێلکەیەک بە لامدا، توند و لە دڵەوەڕا ڕامدەچڵەکێنێ و ڕەنگە تا سێ چوار ڕۆژ دڵم نەیەتەوە سەر ڕیتمی ئاسایی لێدانی خۆی. هەر لە تەمەنێکی زووەوە شتە گچکەکانی چواردەورم بە قووڵی ئەفسونیان کردووم و لەتەکیاندا کەوتوومەتە پێوەندییەکی درێژ و چیرۆکئامێز و بەردەوامەوە. لەگەڵیاندا کەوتوومەتە قسەکردن و وتووێژو نامەنووسینەوە. هەر لە تەڵێک گیا و مێرووله و هەزار پێیەکەوە تا قووتوویەکی قوپاو کە لە نیوەڕوانی هاوینی جۆگەیەکی کۆڵاندا ستران دەچڕێ. هەستدەکەم بە ڕادەیەک سادە و گچکەم کە پێم سەیرە چۆن ساڵانێکی زۆر لەناو ئەو هەموو شیعرە زل و چوارشانەیەدا جێگەم بۆتەوە، چۆن لەنێوەندێکدا برم کردووە کە دونیای خۆی پڕ کردووە لە شتی پەراوێزکراو و قوپێنراو و تووڕهەڵدراو. دەتوانم بڵێم لەو ڕووەوە کاری من تا ڕادەیەکی زۆر بریتییە لە هەوڵدان بۆ دواندن و لەسەرکردنەوە و بایەخپێدانەوەی ئەو شتانەی کە ئەدەبی ئێمە تەکفیر و بە لەعنەتی کردوون.**

**<u>ڕەوشت محەممەد</u>**

**نێوانی (دلاوەر) و شیعری کلاسیکی کوردی چۆنە؟ ڕۆحی کلاسیک تاچەند دەتوانێ دلاوەر بخاتە سەر لەرەی نووسین؟**

**دلاوەر قەرەداغی**

**لە ڕاستیدا پەرۆشییەکی گەلێک زۆرم بۆ دەورکردنەوەی شاعیرانی کلاسیک هەیە بە تایبەتی نالی و مەحوی. شیعری ئەو دوو زاتە بە ڕادەیەک دەمهەژێنن کە حاڵم لێدێنن... من هەمیشە وەک پیاوێکی نائومێد دەگەڕێمەوە حوجرەی شیعریان، باوەڕم وایە هەر بەڕاستیی ئەوان سەرکردەن بۆ ئێمەی لەشکری غەم، لای ئەو شیعرە جاویدانە، ئێمە پەناگەیەکمان دەستدەکەوێ بۆ ئەو ساتانەی کە هیچ شتێک لەم دونیایەدا بە هانامانەوە نایەت و دڵمان هێندەی دڵی چۆلەکەیەکی لێدەمێنێتەوە.**

**<u>ڕەوشت محەممەد:</u>**

**زاڵبوونی زمانی شیعری لای تۆ بە شێوەیەک سەری کردووە، تەنانەت لە وەرگێڕانەکانیشتدا جۆرێک لە جۆرەکان ئەم زمانە دەردەکەوێتەوە، ئێوە وەکو وەرگێڕێکی دیار چۆن گوزارشت لە کاری وەرگێڕان دەکەن؟**

**<u>دلاوەر قەرەداغی:</u>**

لە ڕاستیدا من کارێک بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرم کە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ دونیای خۆم و توانای کەمی خۆم و حەزی گچکەی خۆمدا بێتەوە، جگە لەوەش کارێک وەردەگێڕم کە لە بنەڕەتدا حەزم دەکرد خۆم نووسیبام و هینی خۆم با... یەکەم هەنگاوی من بۆ وەرگێڕان هاوئامێزکردنی ڕۆحی خۆمە لەگەڵ ڕۆحی ئەو کارەدا کە دەمەوێ وەریبگێڕم، دۆزینەوەی ڕیتم و موزیک و دەنگە شاراوەکانییەتی. ئەوەی دەمێنێتەوە بریتییە لە سەلیقە و پشوو درێژیی و لەخۆبوردن و جۆرێک لە زوهد. لێت ناشارمەوە کەم نین ئەو پەرەگرافانەی کە لەساتی وەرگێڕانیاندا قووڵ هەژاندوومیان و هۆن هۆن فرمێسکیان پێڕشتووم..... ئەوە هەمووی کاریگەرییە و هەمووی دەماندنی ڕۆح و دونیای خۆتە لە فەزای ئەو کارەدا کە گەرەکتە وەریبگێڕیت.

<u>ڕەوشت محەممەد:</u>

ئەمجار چ کتێبێکی جوان وازت لێناهێنێ و خنەت ئەدا، دەتەوێ وەریگێڕی؟

<u>دلاوەر قەرەداغی:</u>

کتێبگەلێکی جوان، بەڵام خۆ ڕەنگیشە دەرەقەتی وەرگێڕانی هیچیان نەیەم. یەکێک لەو کتێبانە ڕۆمانی (بەفر)ی ئۆرهان پاموکە، یەکێکی تریان ڕۆمانی (سێشەممەکان لەگەڵ مۆری)ی میچ ئالبومە، کتێبێکی تر کە پێناچێ دەسبەرداری یەکتر بین، بەراوردکردنی (ڕاپۆرت بۆ گریکۆ)یە لەگەڵ وەرگێڕانە سوێدییەکەیدا کە ئەمساڵ لە گریکییەوە کراوەتە سوێدیی و بە پێشەکییەکی چڕ و چاپێکی جوان بڵاوبۆتەوە.

<u>ڕەوشت محەممەد:</u>

چۆن بە کورتترین وشە گوزارشت لەم چەمکانە دەکەی:

خەیاڵ: تا چاو بڕکا گوتن.... تا بێدەنگیی بڕکا بینین .
کۆتایی: سەرەتای دەستپێکردنەوەیەکی دی.
نیکۆس کازانتزاکیس: سێ جۆر ڕۆح، سێ دوعا:
+خودایە من کەوانێکم لەنێو دەستتدا، ڕامکێشە نا نەڕزێم
+خودایە زۆرم ڕامەکێشە تا نەپچڕێم
+خودایە زۆرم ڕاکێشە، دە لێگەڕێ با بچڕێم!
ئەفسانە: خۆشتنی کۆترێک بە هەتاوی پاییزێکی درەنگ.

لەتیف هەڵمەت: پیاوێک وەک نوقڵەکانی منداڵیی ترش و شیرین. (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی هەڵمەتی شاعیر یەکێکە لەو کتێبانەی کە لەسەرەتای دەستپێکردنمدا بە خوێندنەوە، لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی خوێندمەوە و تا ئێستایش چێژی خوێندنەوەی ئەو کتێبە لە یادەوەریمدایە.

تەسەوف: ناوکارکردنی نێوان تەنیایی و تەنیاییەکی تر بە تەنیایی.

* ئەم چاوپێکەوتنە لە یەکێک لە ژمارەکانی ساڵی 2007 ی هەفتەنامەی ئەدەب و هونەری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ دا بڵاوبۆتەوە.